# خەونە ڕەشەکان

**باهۆزعەلی**

دوێنێ شەو نازانم لە خەونم دا بوو یان نا ! زۆر سەرقاڵبووم، دەهاتم دەچووم، دەت ووت کێچ کەوتۆتە کەوڵمەوە، زۆر جار قسە دەکراو کەسم لە دەوری خۆما نەدەدی، هێندە نەبێ ژاوە ژاوێك دەهات، هێندە ش کە لێ ی تێگەیشتم یەکێك دەی ووت

– ئاخر بەم سەرمایە بۆ کوێ بچم بە کۆشێ ماڵ ومناڵەوە، ؟ بە چی بژیم ؟ یەکێکی تر دەیوت

– هەرچی دەوڵەمەندی شارە مشوری خۆی خواردووە، هەر فەقیر و هەژارەکەیە قوڕی بۆ گیراوەتەوە

ئەوی تر دەیوت :

– بەخوا من قاچم تا بەردەرگا بڕ ناکات.

بەهەر چوار دەوری خۆمدا دەخولامەوە، هەر یەکەی قسەیەکی دەکرد، وا هەستم دەکرد کەللەم

هەلاوساوەو خەریکە دەپژێ، ئەو مناڵەی بە باوەشی دایکیشیەوە بوو هەردەگریا. . .

– ئێ ڕۆڵە بۆ ئەگری. . ؟ نەگبەتیتە ؟ لە بەیانی یەوە سەری کردۆتە سەر ئەم گریانە!!!،

ئەوەش کە لەدامێنی یەوە وەستابوو کراسەکەی دایکی ڕادەکێشاو هاواری دەکرد و دەیوت :

–دایە. . دایە. . دایە. . بێ وەستان،

– ئەڵێ ی چی خوا لە منت بسەنێ، ئەیەڕۆ خۆ شێتیان کردم. .

– کتێبەکانم بپێچمەوە ؟

– کتێبی چی نەگبەت بۆچی بۆ سەر مانگ ئەچین، چی ؟ ئەوی تر ووتی :

– کورە سەرمان لە مناڵکانیش شێواندووە ! دەك خوا سەرتان لێ شێوێنێ وەك چۆن سەرتان لەم عالەمە شێواندووە، تۆ بلێ ی ئەمە ئاخر شەڕ و ئاوارەیی بێ و ئەو گەماڵە لەناو بەرن ؟

– ئەوە باسی چی ئەکەی هەزار وەعدی وا درۆیان داوە کەی ئەوانە سەددامییان مەبەست بووە، دوانزە ساڵە برسیمان دەکەن بەناوی دکتاتۆرەوە، ئەم زاڵمەش هەر لە جێ ی خۆیەتی، لەو کاتەشەوە ڕزگارمان

بووە، بەناشکوری نەبێ لەمانیش نەحەساوینەوە، زیاترو زیاتر فەقیرەکە بەناخی عەرزا چووە،

– جا هەرئەوەندە ؟ ئەمانیش خۆیان لە سەر دەوڵەمەند کردین، خۆ گیرفانیان لە نانە ووردە زیاتری تیا نەبوو، باوەڕ ناکەی ئەگەر بڵێم ئێوارە نەبوو چوار پێشمەرگە لە سەر گەیەمان نەبێ ئەمەش پاداشتەکەیانە،

– کورە دارو دیوار گوێ ی هەیە بەخوا هیچیان پێ عەیب نی یە، ئێمەش وەك دەست فرۆشەکان لە ئاسایش قایم ئەکەن. ئەمی تر ووتی :

– دەست فرۆشی چی ؟

– ئەی بێ بەڵلا بی مەگەر نەت زانیوە هەفتەی ڕابردوو بوو کە چووم بۆ خەستەخانە لەوێ باسیان کرد، بە قۆناغە تفەنگ کەوتونە گیانیان و سەرو چاوی چوار پێنجێکیان هێناوەتە خوار !ئەو قوڕ بەسەرانە ئەو دەست فرۆش و عەرەبانچی یە داماوانە هەرئەوەندە داوای شوێنێکیان کردبوو

بۆ ئیش کردن، وەڵلایی کەبیستم هەزار تفم لە خۆم کردووە.

– ئەیەڕۆ دەك عەمریان نەمێنێ بۆ کوردایەتی و شۆڕشێ کە کردیان، وەڵلا خەڵکیان بەخێو کرد !

– کورە کوردایەتی چی !، هەر بۆ گیرفان بوو، بۆ کوردیان بکردایە بەوەی کیمیاوی کرد بە

هەڵەبجە یا نەیان دەووت شۆڕشگێڕ ؟ بەخوا یا من عەقڵم نی یە یا دەڵێن نەوەك سەددام نەڕوخێ

www.kurdistannet.org

با ئەمانە بۆ واسیتە بمێنن هەموو بەعس نەکەین بە دوژمنی خۆمان.

ئەی پارتی بۆ نالێ ی بە مقەستێکی زلەوە کەوتۆتە قرتانی معاشی موچەخۆرەکانی، ئەریٚ ئەو حووتانە بەچی تێر ئەخۆن ؟. ئەمانە ئەلێ ی مێشی سەر برینن هەر بە خوێنەکەمان ڕازی نین بەڵکو هەزار دەردی تریان بۆ دروست کردووین،

ئەوان سکالآیان دەکرد و منیش هەستم بە ترس و دڵەخورپێیەکی سەیر دەکرد، لە تەماشاکەرێکی شانۆ دەچووم لەویٚ بووم ولەویٚش نەبووم ئەکتەر بووم و ئەکتەر نەبووم حاڵەتەکەم لە خەو نەئەچوو، کەچی خەو بوو، هەرچی جارێك دەمەویٚ لەگەڵ کەس وکارما قسە بکەم، ئیتر دەکەومە دەریایەکی قوڵەوە لە سەر خەیاڵ دەژیم دەتوانم بڵێم نەخۆشی خستووم، زۆر جار لە خۆم دەبمە دوو شەخسییەت، لەلایەك دەمەویٚ لێکدانەوە مەنتیقییەکانم بەسەر هۆش و خەیاڵما زاڵ کەم، لەلایەکی تر دژایەتی یە عاتیفی و دەروونییەکان، زۆرم بۆ دەهێنن، ئەگەر و ئیحتیمالەکانیش هەراسانی کردبووم نەم دەتوانی کۆنترۆڵ لەسەر خۆم دانێم، بردمی تا ئەوپەڕی لێواری بیرکردنەوە بێ سنورەکان، سەدان پرسیار و گریەیان وروژاند تێکەڵ بە خەو و ئیسراحەتم بوون. ئەم شەوەم بوو بە یەکێك لە ترسناکترین شەوەکان، خەوی لە چاوم تۆراند گینگڵم دەدا، جەستەم لە کەلەپچەی ئەو پرسیارانە ئالا بوون کە بەبێ دەروازە

بەدەوری خۆیاندا دەخولێنەوە، ئەوشەوە بە ئاگا نەبووم، بەڵام نەشخەوتبووم، دەمزانی خەونێکی مۆتەکەیەو سواری سەرم بووە، لێ دەگەڕام و نەم دەویست بێداربمەوە، تا بزانم وێنەو تابلۆ ی ئەو مەئساتانە چۆنە کە ئەوان چاوەڕێ ی دەکەن و لێ ی دەترسن !؟ لەهەمووی سەیر تر ئەوەیە هەرچیم دەویست دەمتوانی بیکەم بەخەو، وە هەرچ فایلێکی خەزن کراوی مێشکم هەبوو لە پەیوەند بە کارەسات وناڕەحەتییەکانی تائێستە کە دیومە یا بیستومە، خەونە پڕ ئەندێشەکەی ئەو شەوەمی زیاتر هەوێن دەکرد، وە ئەوەی ئەو شەوە بە مێشکمدا دەهات هەمووی ئیخراجی ئەو شانۆ مەئساوی یەیان دە کرد، ڕاستی یەکەی تەنها گێڕانەوەی ئەو هەوالانەبوون کە لەدەرگای نائومێدی یەوە هاتنە ژوریٚ بۆیە بڕیارم دا بۆ شیکاری ئەم خەونەم زەنگێکی تر بۆ تەلەفونەکەیان لێ بدەمەوە.

******************************************** کەنەدا ٢٠٠٣/١/٢٦

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسریٚت.......... ١٥-١-٢٠٠٣